Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.06.27 02:18:48 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

# کارەبا لە نێوان هەڵویستی خەڵك و خاوەن دەسەڵات

سەلام عەبدوڵڵا

سێ هۆم بە دەستەوەیە بۆ نووسینی ئەم بابەتە:

١/ ئەو شەوە لە ژوورێکی پاڵتاك (کاتژمێری ٣ونیوی شەو) چەند گەنجێکی بە پەرۆش، بە دەمی باوێشکەوە، چاوەڕوانی دوا هەواڵی گرفتی کارەبا بوون. ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو، کارەساتێك روو بدا.

٢/ خوێندنی وتارێکی کاك رێبوار سیوەیلی بە ناوی: بە بێ کارەبا هیچ حورمەتێك بۆ ژیانی مرۆڤ نامینێ.

٣/ خۆیشم گرفتێکی بچوکی کارەبام هەبوو، بەڵام شوکر، زۆری نەخایاند، بە بێ گرفت چارەسەر کرا!

ئەوەندەی من بزانم، لە هەردوو ئیدارەکەی کوردستان دادگا هەیە، هەردوو حزبەکەش داکۆکی لە رۆڵی دادگا دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێو خەڵك و ئیدارەکان، هەروا پارێزەرێکی زۆر هەیە. کە وایە، بۆچی کێشەی بەرێوەبەرایەتی کارەبای هەولیر و سلێمانی بە رێگای دادگاکانەوە چارەسەر ناکەن؟ حزب و بەرپرسەکانیان چ کارەن خۆیان بەم کێشەیە تێهەڵقورتاندووە؟ تا ئێرە بەپێی راگەیاند و بۆچوونی خودی بەرپرسیارانی هەردوو ئیدارەکە.

بەلأم ئەوەی بۆ من گرنگ بێت، ئەم پرسیارە ساکارەیە: بۆچی ئەم دوو لایەنە نیشتیمانپەروەرو نوێنەری راستەقینەی خەڵکە کارەبا بە مندالّ و خێزانی خەڵکی ئەنفالکراو، هەژار، راپەڕیوو، خێزان ومندالأنی شەهیدان، زیندانیان، ئەندامە نهێنی و ئاشکراکانی خۆشیان، قوتابیان و. . . هتد دەفرۆشن؟ ئایا ئەو خەڵکە بۆ ئەوە راپەڕین، تا حکومەتەکەی خۆی ببێ بە کارەبافرۆش بە سەریەوە؟

کە پوولی لە سەر وەردەگرن، ئیدی بۆچی گرفتی لە سەر سازدەکەن؟ کە گرفتیشی لە سەر سازدەکەن، بۆچی تاریکی، مێش و گەرمایی دەکەن بە مێوانی خەڵك؟ چێتر نییە، کارەباکە لە خەڵك نەبڕن و بە ئارەزووی خۆیان چەند ساڵێکی تر بە رێگای دادگا یا گفتوگۆوە چارەسەری کێشەکەیان بکەن؟ وای دابنێن پرۆسەی ئاشتییە! هەر رۆژێك دێ پێکبێن، بۆ کوێ دەچن! ئاخر خەڵك چ گوناهێکی هەس؟ خەڵك بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە بەرگری لەو حکومەتە بکات کە کارەبای پێدەفرۆشێ، بە مەرجێك، بە بێ دواکەوتنیش"باجی کارەبا"کەی داوە، ئیتر بۆ ئەم گاڵتەجارییە"مەدەنی، یاسایی و دیموکراتییە"دەنێنەوە؟ راستە ئازادی و دیموکراتی لە کوردستان هەیە، بەلأم ئازادی سنووری هەیە، چۆن دەبێ حکومەت ئازادی کارەبابڕینی هەبێ لە هاووەلأتییەکانی؟

ئایا ئەمە سوود وەرگرتن لە دیموکراسی و پێشێلکردنی ئەقلّ و مەعریفە نییە؟!

کاتێ یەکێك لەولاوە، لە دوو قسەی هەق بەلأم ڕەق دەکات، یەکسەر هەندێ رەوشتفرۆشت هاوار دەکەن"بەرێزەوە قسە بکەن. . . بێ حورمەتی مەکەن"، ئەدی کارەبا برین بێ حورمەتی نییە؟

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، هەردوو لایەن، وەك بڵێی هیچ گرفتێکی تریان نەبێ، بەیاننامە و روونکرنەوەی یەك لە دوای یەك بلأودەکەنەوە لە بارەی تاوان و بێ تاوان لەم کێشەیە، جا بە خەڵك چی؟

بێ گومان ئێوە خاوەن ئەزموون، خەبات، زیرەکی، ئەقڵی بلیمەتانە و زۆر شتی تریش، بەلأم ("خوا"راستە و راستی دەوێ) یەکێك لە گوێی گاشدا نووستبێ، هێشتا بەم شێوەیە مامەڵە لە گەلّ کارەبای دانیشتوانەکەی ناکا، ئاخر قورم بە ماڵتان گرت، چۆن کارەبا لە زانگۆیەکان دەبڕن، گەرێن لە هەژارەکان"بە جەهەنەم و بەئس ئەلمەصیر"، ئەمانە کارەبای هەموو بەنداوەکانیان پێ بدرێ، ژیانیان هەر تاریکە (هێشتا رۆژمان لە زیندانە–سروودێکی مریەم مەکیبایە) . . .

به كورتييه‌كه‌ی: ئێمه كاره‌بامان ده‌وێ!هاوینه !وه‌ك دانیشتیوانی ئه‌م وه‌ڵاته كاولبووه، پاره‌شمان داوه‌و ده‌یدین! ئیتر بۆچی وامان لێ ده‌كه‌ن؟ئه‌وه خۆ گوایه، ئێوه شه‌و رۆژ ته‌لیله بۆ هه‌ژاره‌كان ده‌كه‌ن، بۆ ئه‌وانه‌ی كوڕه شرینه‌كانیان پێشكه‌ش به ئێوه كرد، كچ و ژنه ئه‌تككراوه‌كانیان. . هه‌ی

**به قه‌د ئاره‌قه‌ی نێوچه‌وانی خه‌ڵك، نه‌عله‌تان لێ بێ**

**به قه‌د ناڕه‌حه‌تی و بێزاری خه‌ڵك له گه‌رمایی، نه‌فره‌تان لێ بێ**

ئه‌گه‌ر كه‌رامه‌تان هه‌بێ و به‌ڕاستی رێز له قوربانییه‌كانی خۆتان و له خه‌ڵك و زانست بگرن، ئه‌وا گرفتی نێوانتان بۆ به‌ر دادگا ره‌سمییه‌كانی خۆتان ده‌به‌ن یا به كفتوگۆی دوو قۆڵی چاره‌سه‌ری ده‌كه‌ن **و ده‌ستبه‌جێ، به بێ ئه‌قڵ به‌كارهێنان، كۆتایی به‌م بێ ئه‌قڵییه ده‌هێنن، ئاخر ئه‌قڵی چی؟ ئه‌قڵ به‌كارهێنانی بۆ چییه؟ بۆچی هه‌ناسه‌كێشان ئه‌قڵ به‌كارهێنانی ده‌وێ؟**

له بری گه‌یاندنی كاره‌با بۆ دوا گوندی كوردستان، كاره‌بایش ده‌كه‌ن به چه‌كی ده‌ستیان!

ئه‌مجا حاڵی كۆبوونه‌وه‌كانی ئاشتی خۆشتر ده‌بێ. ئاخر بۆچی سه‌مای سه‌گ و گورگه‌كان خۆشده‌كه‌ن؟ هه‌ر ئه‌وه‌نده‌تان بینێ، ئه‌م كێشه‌یه له لایه‌ن ته‌رسه خوێڕییه‌كه‌ی به‌غدا و میدیا ژه‌هراوییه‌كه‌ی، بۆ به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان قۆزتیانه‌وه.

جاران به كاره‌با، له ته‌نیشت ئاركۆندێشن و له ژێر په‌نكه، پرۆسه‌ی ئاشتی وه‌ك كیسه‌ڵ ده‌چووه پێشه‌وه. به خێر به تاریكی، ئاره‌قڕشتن و باوه‌شێن، چۆن ده‌چێته پێشه‌وه؟

بیكه‌ن به خێری درووشمه‌كانی خۆتان"دیموكراتی، كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی" وده‌سه‌ڵاتی گومرگ و سویچی كاره‌با، نه‌ختێك له ئازارمان كه‌م بكه‌نه‌وه، ئه‌مه‌ش نه داوایه‌كی نه‌كراوه، نه پیلانێگێڕییه‌كی شیوعییانه‌یه !

# كاره‌با به خۆڕایی بۆ هه‌موو خه‌ڵكی كوردستان

**٢٠٠٢/٦/٢٥**

www.kurdistannet.org